WEO
WOMEN EMPOWERMENT ORGANIZATION

پوختەی سیاسەتی یەکەم

# بەرزکردنەوەو بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەتان لە بنیاتنانی ئاشتی لە هەڵەبجە:
# پێشخستنی بەشداریکردن و پاراستن و ڕێگریکردن

**"لە پەراوێزخستنەوە بۆ بەهێزکردن: پێشخستنی ڕۆڵی ئافرەتان و گەنجان لە ئاشتی و ئاسایشی هەڵەبجە"** ئەم پڕۆژە جێبەجێدەکرێت لەلایەن **ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت** بە سەرپەرشتی **ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی**، بەپاڵپشتی دارایی **حکومەتی بەریتانیا**

**٢٠٢٥**

## خشتەی ناوەڕۆک

پێشەکی........................................................................................................2
دەربارەی پڕۆژەکە ..............................................................................................2
دەربارەی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت WEO...................................................................2
دەربارەی ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی ...................................................................3
شێوازی کارکردن ..............................................................................................3
پایەی یەکەم: بەشداریکردن....................................................................................4
پایەی دووەم: پاراستن.........................................................................................5
پایەی سێیەم: ڕێگریکردن.....................................................................................7
بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنێکی کاریگەر ...................................................................9
ڕاسپاردەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی کارکردنی نیشتیمانی ١٣٢٥ لە هەڵەبجە.......................................9

## پێشەکی

ئەم سیاسەتە ئامانجی قووڵکردنەوەی تێگەیشتنە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی بریاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایش، کە لە دەوری سێ پایەی بنەڕەتی خۆی دەبینێتەوە: پاراستن، ڕێگریکردن و بەشداریکردن. بە تایبەتی هەوڵدەدات بەشداریکردنی گەنجان لەم پایانەدا بەرزبکاتەوە لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی هۆشیارییان، دەستنیشانکردنی ئەو ئاڵێنگارییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، و دیاریکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی پارێزگای هەڵەبجە. ئەم سیاسەتە بە چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانە ئامانجی بەهێزکردنی توانا و ڕۆڵی ئافرەتان و گەنجانە، دەستەبەرکردنی بەشداری و پشتیوانی کاریگەرانەیان لە هەوڵەکانی ئاشتی و ئاسایشدا. سەرەڕای ئەوەش، سوپاس و پێزانینی دڵسۆزانەمان ئاراستەی پارێزەر شۆخان ئەحمەد دەکەین کە وەک ڕاوێژکارێک پشتگیری لە پەرەپێدانی ئەم کورتە سیاسەتەدا کردووە.

## دەربارەی پڕۆژەکە

ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان (WEO) بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی (WFWI) وبەپاڵپشتی دارایی حکومەتی بەریتانیا، پڕۆژەی "لە پەراوێزخستنەوە بۆ بەهێزکردن: پێشخستنی ڕۆڵی ئافرەتان و گەنجان لە ئاشتی و ئاسایشی هەڵەبجە" جێبەجێ دەکات. ئامانجی پرۆژەکە بەهێزکردنی ئافرەتانی سەرکردەی کۆمەڵگا و چالاکوانانی گەنجانە لە هەڵەبجە بۆ سەرکردایەتیکردنی دەستپێشخەرییە گشتگیرەکانی بنیاتنانی ئاشتی، پەرەپێدانی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاوان، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەیی.

## دەربارەی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت WEO

ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، ڕێکخراوێکی ناحکومی نیشتمانییە کە ئافرەت سەرکردایەتی دەکات و لە عێراق و هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە. ڕێکخراوەکە خۆی تەرخان کردووە بۆ بەهێزکردنی ئافرەتان لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا. ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت بە پەرۆشەوە کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەریی ئافرەتان و بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەریان و داکۆکی لە پەرەپێدانی ئەو سیاسەت و چاکسازییانە دەکات کە پاڵپشتی یەکسانی نێوان ئافرەتان و پیاوان فەراهەم دەکەن. ڕێکخراوەکە تایبەتمەندە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی لە کەرتەکانی پاراستن، بژێوی ژیان، داکۆکیکردن و بواری مرۆیی، ئەمەش بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی گشتگیر، لەوانە؛ پشتگیری کۆمەڵایەتی-ئابووری و دەروونی، دەستڕاگەیشتن بە دارایی، پەرەپێدانی توانا تاکەکەسی و دامەزراوەییەکان، هاوکاری یاسایی و داکۆکیکردن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی بەردەوام.

## دەربارەی ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی

ڕێکخراوێکیە کە ئافرەت سەرکردایەتی دەکات و ئۆفیسێکی لە ناوخۆی عێراقدا هەیە کە تەواوی کادیرەکانی کەسانی ناوخۆیین. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە (سەرەتا لە بەغدا و کەربەلا و پاشان لە کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ دەستبەکارە). کار لەگەڵ ئافرەتانی عێراقی، کورد، سووری، و ئێزیدی دەکات. کادیرە ناوخۆییەکانی ئێمە زانیارییەکانیان لەسەر کاریگەریی ململانێکان لەسەر عێراق بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی ئەو ئافرەتانەی کە زیانیان بەرکەوتووە.

ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی پرۆژەیەک لە عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات کە ئامادەبوون و بەشداریکردن و کاریگەری لە چالاکییەکانی بڕیاردانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرۆکایەتی ئافرەتان بەرز دەکاتەوە، وەک شتێکی بنەڕەتی بۆ کارنامەی ئافرەت، ئاشتی و ئاسایش. توێژینەوەکانی ئەم دواییە بەربەستەکانی بەردەم بەشداری ئافرەتان و سەرکردایەتییان دەرخست و پێشنیاری گونجاویان خستە بەر پێش بۆ چارەسەرکردن و بەدەستهێنانی بەشداریی مانادارانە بە پشتبەستن بە بەڵگە و تێگەیشتنی سەرەتایی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان (WROs)لە عێراق. ئەم دەرئەنجامانە توانییان کە نەخشەی ئەم پرۆژەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و تێڕوانینی ئافرەتان و خودی ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان زەمینەسازی بکات.

GAPS لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لەگەڵ حکومەتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا کاردەکات، بەشداربوون لە گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی خۆیان و بەریتانیا؛ چەندەها پرۆژەیان جێبەجێکردووە دەربارەی ئافرەت ئاشتی و ئاسایش و نەخشەسازی کۆمەڵگای مەدەنی و کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لەسەر ئافرەتان و پیاوان. هەروەها GAPS پشتگیری ستراتیژی و تواناسازی پێشکەش دەکات لە ڕێگەی ئافرەت، ئاشتی و ئاسایش.

## شێوازی کارکردن

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای شێوازەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی و چەندایەتییە، لەوانە چاوپێکەوتن، گفتوگۆی چڕکراوەی بە گروپ، و پرسیارکردن لە گەنجان، ئافرەتان، و لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان لە هەڵەبجە ئەنجامدراون. ئەم شێوازانە بۆ کۆکردنەوەی تێڕوانینەکان لەسەر ئاستەنگەکانی ئێستا و پێداویستییەکان و دەرفەتەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی سێ کۆڵەکەکە بەکارهێنراون. سەرەڕای ئەوەش، سیاسەتەکە گرنگی خۆی دەخاتە ڕوو لە داڕشتنی ستراتیژییەکانی داهاتووی پارێزگای هەڵەبجە، دڵنیابوون لە ڕێبازێکی گشتگیرتر و کاریگەرتر بۆ بنیاتنانی ئاشتی و یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو.

## پایەی یەکەم: بەشداریکردن

### ئامانج:

ئەم سیاسەتە هەوڵدەدات بەشداری ئافرەتان لە سەرکردایەتی، بڕیاردان و هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتی بەرز بکاتەوە لە ڕێگەی پەرەپێدانی بەشداریکردنیان لە کەرتەکانی ئاسایش، دەستپێشخەرییەکانی ئاشتەوایی و حوکمڕانیدا. بەهێزکردنی سەرکردایەتی ئافرەتان یارمەتیدەر دەبێت لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی پرۆسەکانی ئاشتی و ئاشتەوایی لەناو پارێزگای هەڵەبجەدا.

### نیشاندەری سەرەکی:

- زیادکردنی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە کەرت و لیژنەکانی ئەمنیدا، بەتایبەتی ئەوانەی بەشدارن لە هەوڵەکانی ئاسایش و ئاشتەوایی.
- بەشداریکردنی زیاتری ئافرەتان لە بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە، هەوڵەکانی هاوکاری مرۆیی، و ڕۆڵی سەرکردایەتی لە پلاندانان و جێبەجێکردندا.
- فراوانکردنی بەشداریکردنی ئافرەتان لە لیژنەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردن لە ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانیدا.

### کۆنتێکستی (چواچێوەی) مێژوویی و هەنووکەیی:

ئافرەتان لە هەڵەبجە لە مێژوودا ڕۆڵی بەرچاویان لە پۆستە ئیداری و سەرکردایەتییەکان هەبووە، لە کەسایەتییەکانی وەک (حەپسە خانی نەقیب و عادیلەخان) دەرکەوتووە سەرکردایەتییەکەیان پێشینەیەکی بۆ حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کاریگەرداناوە. بەهەمان شێوە لە هەڵەبجەی هاوچەرخدا ئافرەتان پۆستی باڵایان هەبووە لەوانە:

- پارێزگاری هەڵەبجە
- سەرۆکی جێبەجێکاری پێشووی زانکۆی هەڵەبجە
- بەڕێوەبەری لیژنەکانی سەر بە قایمقامیەت
- بەڕێوەبەری فەرمانگەی مافی مرۆڤی هەڵەبجە
- بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی هەڵەبجە
- بەڕێوەبەری شارەوانی گشتی هەڵەبجە
- نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی

سەرەڕای ئەم بەشدارییانە، بەشداری ئافرەتان بە بەراورد بە قەبارەی دانیشتوانی پارێزگاکە و ژمارەی پۆستە بەردەستەکان لە فەرمانگە حکومییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان بەس نییە. ئەم جیاوازییە تەنانەت بەبێ ڕەچاوکردنی پابەندبوونەکانی یاسای بەردەوامە، کە تیشک دەخاتە سەر پێویستی بەپەلە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بەهێزتر بۆ زیاتر پێشخستنی پلانی کاری نیشتمانی ١٣٢٥ و بەشداریکردنی ئافرەتان لە حوکمڕانیدا.

ڕێگریەکانی بەردەم  بەشداریکردنی گەنجان:

ئەنجامەکانی ئەو پرسیارنامانەی کە لەگەڵ گەنجان ئەنجامدراون ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کاتێکدا گەنجان پشتگیری لە بەشداری چالاکانەی ئافرەتان دەکەن، بەڵام خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر لە پرۆسەکانی بڕیاردان بەدەر دەمێننەوە. دیدگا و پێشنیارەکانیان بە شێوەیەکی گونجاو لەبەرچاو نەگیراون، بەتایبەتی لە چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتی-ئابوورییە گرنگەکاندا، وەک:

- بێکاری و نەبوونی هەلی کار، کە تێیدا بەشداریکردنی گەنجان کەمترین بووە.
- دەستڕاگەیشتنێکی سنووردار بە پلاتفۆرمەکان بۆ بەشداریکردنی گەنجان، لەوانەش ناوەندەکانی گەنجان، کتێبخانەکان، و دەستپێشخەرییە کولتوورییەکان یان پەروەردەییەکان کە بەشداریکردنی مەدەنی پەروەردە دەکەن .

سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ ئەو ڕێگریانەی کە هەڵەبجە بەرگەی گرتووە، پلانی کارکردنی نیشتمانی ١٣٢٥ نە بە تەواوی ناسێنراوە و نە بە شێوەیەکی کاریگەر گەیاندراوە بە دانیشتوانی ناوچەکە. ئەم نەبوونی هۆشیارییە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگری دەکات لە بەشداریکردنی مانادار و هەم ئافرەتان و هەم گەنجان لە پرۆسەکانی حوکمڕانی و ئاشتەواییدا. دامەزراوە پەیوەندیدارەکان – وەکو وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی  بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاری هەڵەبجە، لایەنە سیاسییەکان، و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی DOLSA - ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەیە لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە.

## پایەی دووەم: پاراستن

ئامانج:

هاوتەریب لەگەڵ پلانی کارکردنی نیشتمانی، پایەی پاراستن ئامانجی پاراستنی ئەو ئافرەتان و کچانەیە کە تووشی هەموو جۆرە توندوتیژییەک بوون، بەتایبەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان. ئەم سیاسەتە هەوڵدەدات پشتگوێخستنی سیستماتیکی ئەم جۆرە کەیسانە نەهێڵێت و دڵنیابێت لەوەی کە میکانیزمی کاریگەر بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان و پاراستنی مافەکانیان لە ئارادان.

نیشاندەری سەرەکی:

- چارەسەرکردنی زیاتری (کەیسەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان)، دڵنیابوون لەوەی کە ڕزگاربووان دەستیان بە خزمەتگوزارییە گشتگیرەکان دەگات بۆ پاراستن، پشتگیری یاسایی، و چاکسازی.
- زیاتر بەکارهێنانی میکانیزمەکانی ڕاپۆرتکردن و کەناڵەکانی وەڵامدانەوە لە ڕێگەی پلانی چاودێری و هەڵسەنگاندن لەلایەن ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، کە ئافرەتان و کچان بتوانن بەدوای دادپەروەری و پشتیوانیدا بگەڕێن بەبێ ترس لە تۆڵەسەندنەوە.

**کەلێن و ڕێگریەکان لە ئێستادا:**

سەرەڕای پێویستی بەپەلەی خزمەتگوزاری پاراستن، هەڵەبجە ژێرخانی پێویست و سەرچاوەی پێویستی بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان نییە. ئەم بۆشاییە گرنگانەی خوارەوە دەستنیشان کراون:

1. **نەبوونی دەزگای تایبەتمەند بۆ پاراستن:**

- هەڵەبجە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان نیە، بەمەش ڕزگاربووان دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییەکانی پاراستن سنووردار دەمێنێتەوە.
- هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتییەک دامەزراوە، بەڵام کەمیی کارمەند و سەرچاوەی لۆجستی و پاڵپشتی دارایی دەسەڵاتەکانیان سنوردار کردووە، ئەمەش بە توندی ڕێگری لە توانای مامەڵەکردنی کەیسەکان دەکات بە شێوەیەکی کاریگەر.
- نەبوونی پاڵپشتی میدیایی بەرامبەر بە ئافرەتانی سەرکردە و ئەوانەی پلە و پۆستی باڵایان هەیە.

2. **شکستهێنان لە خۆماڵیکردنی ستراتیژی تایبەت بۆ پاراستنی ئافرەتان:**

- هیچ پەناگەیەکی فەرمی بۆ ئەو ئافرەتان و کچانە نییە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی، هەڕەشە، یان جۆرەکانی تری دەستدرێژی دەبنەوە.
- بەهۆی نەبونی شەڵتەری فەرمیەوە، زۆرجار کەیسەکان بە شێوەیەکی نافەرمی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی ئاشتەوایی خێڵەکی یان کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکرێن، کە لەوانەیە سەلامەتی ڕزگاربووان لە پێشینەدا نەبن.
- ئەو ئافرەتانەی بەپەلە پێویستیان بە شوێنی حەوانەوە و داڵدەدان هەیە، دەنێردرێنە لای خێزانێکی ناسراو یان دەگوازرێنەوە بۆ شاری سلێمانی، ئەمەش ژیانیان تێکدەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی زیانی زیاتریان پێ بگات.

3. **پشتگیری نەکردنی پێویست لەلایەن ڕێکخراوە ناوخۆییەکانەوە:**

- ژمارەی ئەو ڕێکخراوە ناوخۆییانەی کە کاردەکەن زۆر کەمن بەڵام لەسەرووی ئەوەشەوە پایە و بڕبڕەی پشتی بەهێزی حکومەتن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە ڕەنگە حکومەت نەتوانێت، و دروستکردنی هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتەکان بۆ زیاتر دەرکردنی پلانی نیشتمانی، وەک پەیوەندی نێوان ڕێکخراوێکی ناحکومی ناوخۆیی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەنجان بۆ بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

4. **نەبوونی پاڵپشتی یاسایی:**

- جێبەجێکردنی بەهێزتری یاساکانی ئێستا: داواکردن لە بڕیاردەران بۆ پێداچوونەوە و بەهێزکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردن بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پشتیوانیکردنی ئافرەتان و گەنجان بە شێوەیەکی دروست.

- نەبوونی پارێزگاری یاسایی یان بیمەی ئافرەتانی سەرکردە و داکۆکیکاران و چالاکوانان.
- نەبوونی سیاسەتی شوێنی کار کە بە تایبەتی بۆ ڕێگریکردن لە هەراسانکردن لە کەرتی گشتی و تایبەت داڕێژراون.
- نەبوونی سیستەمێکی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی یاساکان لە شێوەی ڕێبەر، وەک پارێزگاکە دادگای تایبەتمەندی نییە بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی، ئەمەش زیاتر دادپەروەری بۆ ڕزگاربووان دوادەخات.
- هیچ لیژنەیەکی ئاشتەوایی تایبەت نییە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییەکانی توندوتیژی خێزانی بە شێوازێک کە گرنگی بدات بە ڕزگاربوو.
- لایەنە سیاسییەکان تا ئەمڕۆ خاوەنی سیاسەت و میکانیزمی تایبەت نین بە پاراستنی ئافرەتانی بەشداربوو، تەنها پشکێکیان بۆ دیاریکردون لە پەرلەمان.

5. **هۆشیاری سنووردار و بەشداریکردنی کۆمەڵگا سەبارەت بە بەشداریکردنی ئافرەتان:**

- نەبوونی هۆشیاری گشتی لەبارەی ڕێوشوێنی خۆپاراستن و خزمەتگوزاری پشتیوانی بەردەست و مافە یاساییەکانی ئافرەتان و کچان.
- بەرنامە پەروەردەییەکان و ڕاهێنانەکان لەسەر پاراستنی ئافرەتان لە سەرکردایەتیدا لە کەمترین ڕێژەدان یان بوونیان نیە، هەروەها نەبوونی پشتیوانی یاسایی بۆ سەرکردەکانی ئافرەتان.

## پایەی سێیەم: ڕێگریکردن

### ئامانج:

ئامانجی پایەی ڕێگریکردن بەهێزکردنی ڕێوشوێنی خۆپارێزییە پێش و لە کات ولە دوای ململانێ و قەیرانەکان، دڵنیابوون لە دامەزراندنی ژینگەیەکی سەلامەت دوور لە توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان. ئەمەش بریتییە لە بەرزکردنەوەی سیستەمی پشتیوانی یاسایی، کۆمەڵایەتی و دەروونی و چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە پێکهاتەییانەی کە بەربەستن لە ڕێگریکردن لە توندوتیژی لە پارێزگای هەڵەبجە.

### نیشاندەری سەرەکی:

- زیادبوونی ژمارەی ئەو ئافرەت و کچانەی کە سوودمەند دەبن لە بەرنامەکانی خۆپارێزی وەک ڕاهێنانی تواناسازی، و سەرکردایەتی، جا لەلایەن حکومەتەوە بێت یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
- کۆمەڵێک هەمواری یاسایی و جێبەجێکردن و ڕێکارەکان کە حکومەت گرتویەتییەبەر سەبارەت بە پاراستنی ئافرەتان لە بارودۆخی ململانێدا.

ڕێگری و و بۆشاییە پێکهاتەییەکان:

1. ناچالاکی دەزگا و خزمەتگوزارییەکانی پاراستن

- ئەو دامەزراوانەی بەرپرسیارن لە پاراستن و ڕێگریکردن بەهۆی نەبوونی پێشینە و کەمی سەرچاوە و سیستەمی پیاوسالاری و سنوورداربوونی ویستی سیاسی و نەبوونی سیاسەتی ناوخۆیی لەناو دامەزراوەکان بۆ چارەسەرکردن و ڕێگریکردن لە هەموو جۆرە جیاکاری و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان بە ناچالاکی دەمێننەوە.
- خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک هاوکاری یاسایی، پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، و یارمەتی تەندروستی دەروونی بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش نەکراون، ئەمەش بەرەنگاربوونەوەی گشتی دژی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان لاواز دەکات.

2. ناچوستی لە ڕاپۆرتکردن و نەبوونی حاڵەتە تۆمارکراوەکان

- داتا فەرمییەکان ئاماژە بە کەمی ڕێژەی تۆمارکراو لە هەڵەبجە دەکەن کە سەر بە ئافرەتانی سەرکردە و ئەوانەی پۆستی باڵایان هەیە بەهۆی ئەو کلتورییەی لە هەڵەبجە هەیە.
- لە ڕووی مێژووییەوە هەڵەبجە ناوبانگێکی کولتووری ناتوندوتیژیی پاراستووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەو مانایە نییە کە توندوتیژی ڕوونەدات. بەڵکو بەهۆی نەبوونی پێکهاتەی فەرمی ڕاپۆرتکردن، هەڵمەتی هۆشیاری و دامەزراوەی تایبەتمەند بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە کەیسانە، کەیسەکان بەبێ ڕاپۆرتکردن دەمێننەوە. ئەم ناچوستییە لە ڕاپۆرتکردن وبە داتاکردن ڕێگری دەکات لە پەرەپێدانی سیاسەتە ئامانجدارەکان کە پێویستن بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی کە کاریگەرییان لەسەر یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو هەیە.

3. بەربەستی یاسایی و کارگێڕی:

- یاسا و سیاسەتە هەنووکەییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بودجەیەکی تایبەتیان نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی جێبەجێکردن.
- تا ئێستا هەڵەبجە لەڕووی کارگێڕییەوە وابەستەی سلێمانیە، ئەمەش ڕێگری دەکات لە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی سەربەخۆ بۆ پاراستنی ئافرەتان.
- بەهۆی ئەم وابەستە کارگێڕییەوە، هەڵەبجە بەرێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی نییە، کە ئەمەش وایکردووە هەوڵەکانی بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی یاسایی، کۆمەڵایەتی، و دەروونی بوەستێنێت.
- هێڵی گەرمی تایبەت بۆ ڕاپۆرتکردنی حاڵەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان لە هەڵەبجە نییە. لەبری ئەوە، حاڵەتەکان لە ڕێگەی هێڵی گەرمی ١١٩ی سلێمانییەوە تۆمار دەکرێن، کە دواتر بەرپرسانی هەڵەبجە ئاگادار دەکرێنەوە. ئەم میکانیزمی وەڵامدانەوەیە دواکەوتووە و ناڕاستەوخۆ کارایی هەوڵەکانی پاراستن لاواز دەکات.

## بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنێکی کاریگەر

جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی پایەکانی پاراستن و ڕێگرتن و بەشداریکردن لە هەڵەبجە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵێنگاری سەرەکی دەبێتەوە کە ڕێگری لە پێشکەوتن دەکەن و کاریگەریی سیاسەت و دەستپێشخەرییەکانی ئێستا سنووردار دەکەن. ئەم بەربەستانە بریتین لە:

1. سنووورداری هۆشیاریی لە نێو تاک و گەنجان.
2. ڕێژەی کەمی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کە لە مەیدانەکەدا کاردەکەن.
3. پەراوێزخستنی هەڵەبجە لە ڕووداوە فەرمی و گرنگەکاندا.
4. نەبوونی هەلی کار و یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە دامەزراندندا.
5. کەمی بەشداریکردنی نوێنەرانی هەڵەبجە لە پلانی کارکردنی نیشتمانی ١٣٢٥ .
6. نەبوونی یەکدەنگی لە نێوان ئافرەتان لە هەوڵەکانی داکۆکیکردن و پاراستن.
7. ڕۆڵی نەرێنی سۆشیال میدیا لە وێناکردنی ئافرەتان لە سەرکردایەتیدا.
8. نەبوونی پلاتفۆرمی داکۆکیکاری یەکگرتوو بۆ پرسی ئافرەتان لە هەڵەبجە.

## ڕاسپاردەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی کارکردنی نیشتیمانی ١٣٢٥ لە هەڵەبجە

بۆ بەهێزکردنی پایەکانی بەشداریکردن، پاراستن و ڕێگریکردن لە پلانی کاری نیستمانی ١٣٢٥ ، ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێن:

1. **بەرزکردنەوەی بەشداری ئافرەتان و گەنجان لە حوکمڕانی و بڕیاردان**

- **هۆشیاری:** ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر مافەکان، بەرپرسیارێتیەکان، و حوکمڕانی بۆ زیادکردنی بەشداریکردنی مەدەنی.
- **هاندانی بەشداری سیاسی:** دڵنیابوون لە ڕۆڵی چالاکانەی گەنجان و ئافرەتان لە بڕیاردان و حوکمڕانی و بنیاتنانی ئاشتیدا.
- **زیادکردنی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە نوێنەرایەتیدا:** داوا لە لایەنە سیاسییەکان بکرێت کە ئافرەتان و گەنجان تێکەڵ بە ڕۆڵی سەرکردایەتی بکرێن.
- **ڕاهێنانی سەرکردەی ئافرەتان:** پێشکەشکردنی ڕاهێنانی سەرکردایەتی، داکۆکیکردن، و حوکمڕانی بۆ بەرزکردنەوەی لێهاتوویی و تواناکانی ئافرەتان.
- **بەهێزکردنی پشتیوانی دامەزراوەیی:** باشترکردنی تواناکانی جێبەجێکردنی یاسا، دادوەری، و کەرتەکانی ئاسایش بۆ پشتگیریکردن لە بەشداریکردن و پاراستنی ئافرەتان.

- **بەشداریکردنی سەرکردە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان:** بەشداریکردنیان لە پێشخستنی یەکسانی و گشتگیری کۆمەڵایەتی.
- **پێشخستنی ڕاهێنانی پلانی نیشتمانی ١٣٢٥:** زیادکردنی بەشداری ئافرەتان و گەنجان لە پلانی کاری نیشتیمانی ١٣٢٥ بەرنامەی ڕاهێنان و داکۆکیکردن لە بەشداریکردنیان لە بڕیاردانی سیاسیدا.

2. بەهێزکردنی پاراستن و پاڵپشتی یاسایی بۆ ئافرەتان و کچان

- **دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان:** باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن، دامەزراندن، و بەشداری سیاسی بۆ ئافرەتان و گەنجان.
- **فراوانکردنی هەڵمەتەکانی یەکسانی:** هۆشیاری لەسەر مافەکانی ئافرەتان، ڕێگریکردن لە ململانێ، و میکانیزمەکانی پاراستن.
- **دامەزراندنی شوێنی سەلامەت:** پەناگەی کراوە، دادگای تایبەتمەند، و خزمەتگوزاری پشتگیری دەروونی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان.
- **بەرزکردنەوەی پشتگیری تەندروستی کۆمەڵایەتی و دەروونی:** پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری، یارمەتی دارایی، و هاوکاری یاسایی بۆ گروپە لاوازەکان.
- **ڕاهێنانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو:** ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی هێزە ئەمنییەکان، داڕێژەرانی سیاسەت، و دەسەڵاتە دادوەرییەکان لەسەر سیاسەت و ستراتیژییەکانی پاراستن کە یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو بەرەوپێش دەبەن.

3. پێشخستنی بەهێزکردنی ئابووری و بنیاتنانی تواناکان:

- **بەهێزکردنی ئافرەتان و کچان:** پێشکەشکردنی بەرنامەی سەرکردایەتی و بنیاتنانی کارامەیی بۆ زیادکردنی سەربەخۆیی ئابووری.
- **زیادکردنی سەرکردایەتی ئافرەتان لە بنیاتنانی ئاشتی:** دڵنیابوون لە ڕۆڵی ئافرەتان لە بڕیاردان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و پرۆسەکانی ئاشتی.
- **پەرەپێدانی بەرنامە و کلێشەی ڕاهێنان:** دابینکردنی خولەکان لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، حوکمڕانی، و دانوستان بۆ بەهێزکردنی تواناکان.
- **ڕەخساندنی هەلی کار:** جێبەجێکردنی بەرنامەی و ڕاهێنانی پیشەیی و دامەزراندن بۆ ئافرەتان و گەنجان.
- **پشتگیری لە ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی:** پاڵپشتیکردنی دارایی بە دەستپێشخەرییەکانی یەکسانی و بەهێزکردنی گەنجان بۆ پەرەپێدانی گەشەپێدانی بەردەوام.
- **چاودێری و هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن:** هاوکاریکردنی دەسەڵاتداران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیستمانی ١٣٢٥.

# ڕێکخـــراوی تواناســـازی ئـــافرەت

ناونیشان
**ئۆفیسی هەولێر (ئۆفیسی سەرەکی): شەقامی 120 م ، ئازادی نوێ (ئاتکۆنز) ، خانوی ژمارە R5/81 و R5/83**

**ئۆفیسی بەغداد: کەرادە، گۆڕەپانی فەتح بەرامبەر شانۆی نیشتمانی ناوچەی 904 ، شەقامی 99 ، بینای 62 ، نهۆمی سێیەم**

ئیمەیڵ
**info@weoiraq.org**

ژمارەی تەلەفۆن
**(+964) 750 229 2525**

ماڵپەڕ
**www.weoiraq.org**

**@weoiraq**